# تۆش من دەناسی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

# تۆش من دەناسی

نووسینی:

**جەبار جەمال غەریب**

نیگارکێشی:

**محەمەد هاشم**


ناوی کتێب: تۆش من دەناسی
نووسینی: جەبار جەمال غەریب
نیگارکێشی: محەمەد هاشم
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٤٧٠
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم - هەولێر ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٤٦٦)ی ساڵی ٢٠٠٦ی دراوەتێ



## تۆش من دەناسی

دەشێ هەمووتان من بناسن، دڵنیام زۆر جار بۆم غەمبار بوون و هەندێ جاریش پێم پێکەنیون. من گورنەتەڵەم. دەبێ یەکێک هەبێ چیرۆکی منی بۆ گێڕابنەوە، من لە ماڵی خۆم دەرکرام و هەڵبەت بەتەنیا نا، لەگەڵ شەش برا و خوشکی دیکەم، ناردیانین بۆ دارستان بۆ دارهێنان، تەنیا من دەمزانی ئەوە دەرکردن و بە فەتارەتدانە. بۆیە پارچە کولێرەکەی خۆم نەخوارد کە زۆریشم حەز لێ بوو. وردم کرد و ڕێگاکەم پێ نیشانە کرد، بۆ ئەوەی بتوانم بەهەمان ڕێگادا برا و خوشکەکانم






بهێنمەوە گوندەکەی خۆمان. من بڵێم چی، دوای من کۆترە برسییەکان ئەو وردە نانە دەخۆن کە ڕێگاکەم پێ نیشانە کردبوو.



ئیدی حیکایەتەکە هەمووی دەزانن، چۆن ڕێگامان لێ ون بوو چووینە ماڵی دێوێک، بەسەر شاخێک کەوتین وەک هەسان لووس. ئێوە زۆرتریش دەزانن، بەڵام ئەوە نازانن کە چۆن جارێکی دیکە بەدەست و دەم بەستراوی فڕێ درام. من نازانم لە چ شارێک بووم کەوتبوومە ماڵێک



پیاوێکی لێ بوو لەو دێوە تووڕەتر بوو کە خەریک بوو بمانخوا . پیاوێک بوو سمێڵێکی هەبوو تا سەر پشتێنی شۆڕ بووبووەوە، ژنێکی هەبوو سپی سپی، ئەو ژنە پرچێکی درێژی هەبوو، ڕەش ڕەش، من لە منداڵی کۆڵانەکەوە زانیم، ئەویش لە درزی





دەرگاوە کە ئەو پیاوە ناوی حەسەن چەتەیە،
دەنا ژنەکەی دەبوو پێی بڵێ سەید حەسەن،
هەموو نیوەڕۆیان ئەو ژنەی من پێم دەگوت
مرواری دەبوو هەرچی خواردنی حازر کردووە لە
بەردەمی ئەوی دانێ،



دەستی دەکرد
بەنانخواردن، من دەبوو باوەشێنی کەم،
نازانم بۆچی ئەو پیاوە دەیویست ئێمە لە
گەرمادا بکوژێ،



مێش لە سەر و
سمێڵە چەورەکەی
دەنیشتن، ئەویش هەر بەدانیشتنەوە
خەوی لێ دەکەوت، مێرووڵە بەسمێڵە
چەورەکەیدا هەڵدەگەڕان، ئەو
مێرووڵە ڕەشە گەورانە، ژنەکەی
دەهات



مێرووڵەکانی دەردەکردن،
من هەر باوەشێنم
دەکرد، ئەی خوایە چ
بۆنێکی لێ دەهات، لە
بۆنی دێوەکە ناخۆشتر بوو،

ئەو پیاوە شەوانە دەچووە دەر، زۆر درەنگ، وەکو دز لە ماڵ دەچۆ دەرێ، ئەگەر مرواری قسەی کردبا، هەڕەشەی لێ دەکرد.

شەوێک زۆر درەنگ هاتەوە، هەناسە لەو شارە نەدەهات، تەنیا من بەئاگا بووم، ئەو پیاوە نەیدەزانی من گورنەتەڵەم، هەڵبەتە چیرۆکی گورنەتەڵەی بیستبوو، دەیزانی شەوانە لە دەنگی ڕۆیشتنی مێروولە بەئاگا دێت، شەوێک بێ دەنگ هاتەوە، مرواری خەوتبوو، هەنگاوی بەسەر مندا هەڵێنا، گۆرەوییەکانی سێ هێندەی دەمی دێوەکە



بۆنی لێ دەهات، چووە ژوورەکەی خۆی هەرچەند ئێمە هیچ ژوورێکمان نەبوو، من هەر سەیریم دەکرد، وێنەیەکی لە دیوار دابوو، لێی کردەوە و لە پشت وێنەکەوە دەرگایەکی ئاسنی کردەوە، ئەی خوایە ئەو هەموو زێڕە چی بوو لە باخەڵی دەرهێنا نەمزانی لەبەر خۆمەوە گوتم:



– حەسەن چەتە.

ئاورێکی دایەوە، بەهێواشی دەرگاکەی داخستەوە، زانیم دەرگاکە دەبێ زۆر قورس بێ، وێنەکەی دانایەوە، هاتە پشت سەرم، وای زانی نووستووم.

بەیانی بە دایە مرواریم گوت باوەڕی نەکرد، چەند شەو خۆمان

کردە نووستوو، شەوێک دیسانەوە بێ دەنگ، دەرگاکەی کردەوە ئەو هەموو زێڕ و گەوهەرەی دەرهێنا ، من لە



پشت مرواریەوە، دەمڕوانی، بێ ئەوەی بەخۆمان بزانین هەستابووینە پێ لە ناکاو سەری سووڕاند، مرواری لەپڕ کشایەوە، بەسەر مندا کەوت، جیقەم لێ هات، نەمتوانی هاوارکەم، وەی خوایە مرواری بەو لاوازییەی خۆیەوە لەسەر پشتم چەند قورس بوو، حەسەن چەتە دەنگی نەکرد، دەنگی نەکرد و من لە بێدەنگیی ئەو زراوم چووبوو.

زێڕەکانی خستەوە شوێنی خۆی، هەردووکمانی بردە ژوورێ دەست و لاقمانی بەستەوە، دەممانی بەست، دەمی منی بەقوماشێکی زۆر زبر بەستبوو،



بەقامچی لە مرواری دا، من ترسام، من بەزیم و ئەو گورنەتەڵە ئازایەی ئەشکەوتی دێوەکە نەمام، ئەو گورنەتەڵە وریایە نەمام لە پێش خوشک و براکانم بەشاخێکدا سەرکەوتم وەک هەسان لووس، مرواری دەمی توند بەسترا بوو، لەگەڵ قامچیدا چاوەکانی دەکرانەوە و دادەخرانەوە،

گریانم هات فرمێسک وەک جۆگەلە هەڵڕژان. بەدەست بەستراوی لە ژوورەکە بەندی کردین، نەماندەتوانی لەگەڵ یەکتردا بدوێین، زۆرم تینوو بوو، فرمێسکە سوێرەکان بەسەر لێومدا ڕژابوون، دەرگا کرایەوە، حەسەن چەتە بەدەستێک هەڵی گرتم، وەک عەلاگەیەکی ڕەشی پڕ زبڵ هەڵی گرتم، حەسەن چەتە نەیدەزانی من گوڕنەتەڵەم، بەڵام حیکایەتی گوڕنەتەڵەی بیستبوو.



ئۆتۆمبێلێکی هێنا بوو. بەو نیوەشەوە، خستمیە سندووقی ئۆتۆمۆبێلەکەی و دایخست. هەستم کرد هەوا نەما، ها ئێستا نا تاوێکی دیکە هەناسەم دەبڕێ، لە نێو ئەو تاریکییە کپەدا چاوەکانی دایە مرواریم وەک برووسکە دەهاتە بەرچاو، ئەو ئۆتۆمۆبێلە بۆ کوێ دەچوو، هەندێ جار نشێو و زۆر جاریش هەوراز، هەموو لەشم بەئاسنەواڵەی سندووقی ئۆتۆمۆبێلەکە شکابوو. نەمدەزانی زیرەکی و ئازایەتیی گوڕنەتەڵە لەو زیندانە بێ هەوا و بەرتەسکەدا چ سەمەرەیەکی هەیە؟ گوڕنەتەڵەیەک کۆترە برسییەکان فێڵی لێ بکەن بەدەست بەستراوی چی پێ دەکرێ؟

***



وەختێک بەئاگا هاتم نەمدەتوانی
چاوەکانم بکەمەوە،
نەمدەزانی لە کوێم،
زۆری پێ چوو تا چاوەکانم
کردەوە، دیتم لە نێو
دۆڵێکدام، چواردەورم
شاخە. سەد هێندەی شاخی
دێوەکە بڵندترە، هەر بەڕاکێشانەوە
دەمڕوانی، ویستم هاوارکەم هێشتا دەمم بەسترا بوو، دەستەکانم
جووڵاندن کرابوونەوە، پەڕۆیەکەی دەممی پێ بەسترا بوو،
کردەوە. پێیەکانم هێشتا بەسترابوون، بە لەچکێکی دایە مرواری
بەسترابوون، بۆ نوێژکردن ئەو لەچکەی لەسەر دەکرد، کردمەوە،
پێیەکانم شین بووبوونەوە، من منداڵی گوند و دارستان بووم،
بەڵام ئەو جێگایە هەر شاخە و لێرە و لەوێ هەندێ درەخت هەن،
لە نزیکمەوە گیا دیار بوو، زانیم



دەبێ کانییەکی لێ بێت، بەگران
پێیەکانم بۆ دەجووڵان. چوومە
سەر کانییەکە، چەند شوێن
پێی گەورەم لە ناو
گیایەکەدا دیت، ئەو شوێن
پێیانە دەناسمەوە، ئەوانە
شوێن پێی ورچن، ئەوەشم زانی

که دەمێک نییە بێرەدا تێ پەڕیوە، هەندێ ناودەم و لێوم شووشت، زۆرم برسی بوو، کولێرەیەکیش نەبوو ئەمجارە لەگەڵ خۆمی بێنم، چەند بوو لای ئەو کانییە بچووکە بووم؟ خۆر وردە وردە ئاوا دەبوو، من لە تاریکی زۆر دەترسام، گیایەکەی تەنیشتم جووڵایەوە، خۆم بێ جووڵە کرد، ڕێوییەک لە ناو گیایەکە چاوی دەبریسکایەوە، دڵم خۆش بوو دوو چاوی ڕێوی بەسە بۆ من تاکو نەترسێم. منی چاو کرد و تۆزێک گەڕایەوە، نەجووڵام، ویستم پێی بڵێم من گورنەتەڵەم و دۆستی ئێوەم. ئەو گیاندارانە بزانن دوژمنیان نییت لێت ناترسێن، تۆزێک هاتە پێش و بۆنی بەپێیەکانمەوە کرد، هەستم بەهەناسەی کرد بەر پێستی پێم دەکەوت، گەڕایەوە و دوای تۆزێک نزیکتر بۆوە، چووە سەر کانییەکە و ئاوی خواردەوە. زۆر بەهەست ئاوەکەی خواردەوە، من هەر نەجووڵامەوە، تەماشایەکی چاوەکانی کردم، زۆر شەکەت بووم نەمتوانی چاوەکانم بجووڵێنم، هاتە تەنیشتم، بۆنی پێوە کردم، پاڵ کەوت، دڵخۆش بووم کە تەنیا نیم، پەنجەم بە تووکە نەرمەکەی کلکی دادەهێنا، دڵنیا بووم ئێستا دەزانێ من گورنەتەڵەم، دەزانێ من ئەو منداڵەم نیوەم لەگەڵ گیانداراندا دەژی، دەستم بەپشتی داهێنا و گوتم:

– لە من مەترسە، منیش وەکو تۆ ڕاو دەکرێم و دەردەکرێم و ئازار دەدرێم، ڕێویی کوڵک نەرم، نەک من ئێستا کە تۆ ئازادی، ژنێکی وەک گوڵ، دایکێک، بەدەست بەستراوی لە ژوورێکدا فڕێ دراوە.

من کە نیوەم گیاندارە، بەدەنگێک بانگی ڕێوییەکەم دەکرد وەک بڵـێم ڕیۆ، لەو کـاتانەدا هەسـتم دەکـرد مـووەکـانی لەشـم وەکـو کوڵکیـان لێ دێت و چاوەکـانم دەبریسکێنـەوە. شـەو بەسـەرمـاندا کـشـابوو، لە بن ئەو تاریکیـیە تۆخـەدا، هەمـوو گیـاندارانی نێـو دۆڵەکە دەجـووڵان، چاوە زیت و درەوشـاوەکان لە بن بەرد و کون و کەلەبەری شـاخەکەدا بانگیان دەکـردم، بەسـەر دارەکـەی پشت کانییـەکەدا هەڵگەڕام و لەسـەر لقێکی پانوپۆڕی دانیـشـتم، ڕێوییـەکە لە تەنیشـتمەوە پـاڵـی دابـووەوە، کـزەبایەکی سـارد بێ ئەوەی پرسـێکمان پێ بکات جار جار خۆی بەگوێماندا دەکرد و بەئاگای دێناین، من گوتم:



– با هەڵم گرە.

با هەڵی گرتم، لە هەموو تەمەنمدا یەکەم جار بوو سواری پشتی با ببم، ئێوە زۆر ئەتواری من دەزانن، شتە هەرە تایبەتییەکانم، بەڵام من خـۆشـم ئەوەم نەدەزانی ڕۆژێک سـواری پشـتی با دەبم، ڕیۆ لە ژێر کـراسـەکـەمـەوە هەوڵـی دەدا چڕنووکی لە سکم گـیـر نەبێ، لەسـەر ئەو پشـتی بایە زۆر زۆر برسـی بووم، لای دارێکی گەورە و بەتەمەن وەستام، بۆنی هەنگوینم کرد، پەنجەم بەکونێکی دارەکەدا شۆڕ کردەوە، هەنگوینەکە دوور بوو، هەستم دەکرد



پەنجەم درێژ دەبێ، درێژ درێژ، جوان
لە هەنگوینەکەم هەڵکێشا، هەرچەند
دەمویست پەنجەم لەو کونە دەرکێشم و
بیخەمە دەممەوە نەمدەتوانی، ئەی خوایە
خەریک بوو سوێم بێتەوە بۆ ئەو هەنگوینە،
دەنگێک هات، دەنگی چی تۆ بڵێ ناڵەیەک،
یەکسەر ئەو شوێن پێیەم بیر کەوتەوە لەسەر گیایەکە جێ ما بوو،
کە چاوم کردەوە دیتم پیرە ورچ سەری بەسەر سەرماندا شۆڕ
کردووەتەوە و بایەک لە لووتیەوە دێتە دەر خەریکە جلەکانم
لەبەردا داکەنێ، لە بیرم نەبوو بترسم، تۆش بیت ناترسی
وەختێک دەبینی هەناسەی ورچێک وەک با هەڵی گرتووی،
خستمیە بن هەنگڵی، هەر ئەوەندەم




پێ کرا پەنجەم لەو کونی دارە
بێنمە دەر کە تێیدا عاسێ بووبوو،
دەمدی گیاندارەکانی دیکە
بەترسەوە لێرە و لەوێ سەریان
دەرهێناوە و چاویان
دەبریسکێننەوە، ورچەکە بێ ئەوەی
لە دەوروپشتی خۆی بڕوانێ منی لە بن
هەنگڵی خۆی ناوە و سەردەکەوێ.

چووە ناو ئەشکەوتێکی گەورە و منی لە پەنایەکدا فڕێ دا، من
لەو پشیلە وریا و زیتەڵانەی کۆڵانەکانی ئێوە فێر بووم چۆن خۆم



لەسەر دەست و پێیەکانم بچەقێنم وەختێک لە سەربان فڕێیان دەدەنە خوار، تەنیا من لە ژیانی ئەو پشیلانە حاڵیم، دڵنیام من چەند بەدەست ئەو ورچەوە نارەحەتم ئەوان سەد هێندە بەدەستی ئێوەوە گیرۆدەن، بەڵێن بێت چیرۆکی ئەو شەش بەچکە پشیلانەتان بۆ بگێڕمەوە کە لە هەورەبانەکەی ماڵی برایەکی حەسەن چەتە بەجێ مابوون، ورچەکە بێ ئەوەی دەرگای ئەشکەوتەکە داخاتەوە، چوو لە بەردەمی ئەشکەوتەکە لەسەر بەردێک دانیشت، ئەو بەیانییە جوانترین خۆرهەڵاتنم دیت، خۆر وەک فلچەیەکی زۆر زۆر گەورە لە ڕەنگی جیاجیا خۆی لە هەموو شتەکانی دنیا هەڵسوو، تووکی



ئەو ورچە چەند جوان بوو وەختێک لە نێوان تیشک و بادا دەلەرایەوە، حەزم دەکرد بچم لە ناو باوەشیدا، لەسەر ئەو تووکە درێژە سەرم نقوم کەم و بنووم. زۆر هێواش بێ ئەوەی گەڵایەک بلەرێنمەوە، چووم لە تەنیشت ورچەکە دانیشتم. ئای خۆش بوو وەختێک بۆ یەکەم جار پەنجە بچووکەکانم بەئەسپایی گەیاندە سەر ڕانەکانی، ئەو نە ڕاچڵەکا و نە ئاوڕی دایەوە، لافاوێک لە خۆشی لە ژێر پێستمەوە بەرەو پەنجە بچووکەکانی دەستم کشان و زۆر هێواش هەروەک تیشکی بەیانی دەستەکانم گەیاندە سەر

شانەکانی و دەستم بەپشتیدا هێنا، ئای خوایە لەو خۆشییە وەختێک ئاوڕی دایەوە دوو چاو، دوو چاوی لە مرۆڤ ئاشناتر و پڕ سۆزتر لە ناو دەریایەک فرمێسک نقوم بووبوون.

من گوڕنەتەڵەم و نیوەی تەواوم گیاندارە، هەر زوو لە دڵشکانە هەتا هەتایەکەی حاڵی بووم، هەردوو دەستەکانی بۆ کردمەوە، من هەرگیز لە ژیانمدا دوو دەستی هێند میهرەبانم نەدیوە بۆم بکرێنەوە، دوو دەستی کێوییانە، بەڵام بێ فێڵ و وریا، بەخۆم و ڕێوە چوومە باوەشییەوە، وەختێک ڕوومەتم لە ناو تووکە نەرم و سپییەکانی سەر سنگی نقوم کردبوو، فرمێسکەکانی بەسەر ڕوومەتمدا ڕژان و ئەو چیرۆکە پڕ شەرمەیان بۆ گێڕامەوە کە چەند ڕۆژێک پێشتر شوانێک هاوسەرە تاک و هەمیشەییەکەی ئەو ورچەی کوشتووە. بەڵێ شوانێک هەر بەهەوەس هاوسەرە میهرەبان و دڵ گەورەکەی کوشتووە، ئێمە لە چاوی یەک تێ گەیشتین، ئەو منی بەخشیبوو، وەختێک دەمانڕوانییە چاوی یەکتر، بروسکەیەک لەوسەری دنیاوە هەستا و ژنێکی نیشان دام لەودیو تەلبەندی ماڵەکانەوە دەستی بەستراوە و قامچیکاری دەکرێ. تیشکی خۆر کەوتبووە سەر دەموچاومان، من بە بێدەنگی مۆڵەتم لە ورچەکە خواست و بەهەموو دەنگم بەگوێی دنیادا هاوارم کرد.



– دایە مرواری وا هاتم.